هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:
Date: / /٢٠١٦

ژمارە: ٢/ ١١٩٨٩
ڕێکەوت: ٩ / ٨ / ٢٠١٦ ی زایینی
١٩ / ٥ / ٢٧١٦ ی کوردی

# ڕێنمایی ژمارە (١٢)
## تایبەت بە بودجەو ژمێریاری کۆتایی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

لەبەر ۆشنایی ماددەی (سێیەم)ی برگە (٢) لە یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەسەڵاتی داوە بە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاساکە، هەروەها بە پشتبەستن بە ماددەی (دوازدەهەم) لە برگەی (١٠) و، ماددەی (چواردەهەم) لە برگەی (١١) و، خاڵی دووەم لە برگەی ( دووەم) لە ماددەی (پازدەهەم) و، ماددەی (بیست و سێیەم) و، ماددەی ( بیست و چوارەم) لە یاسای ئاماژەپێکراو، کە تایبەتن بە لایەنی دارایی و وەگەڕخستنی بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە گەشەی ئاستی زانستی مسۆگەر بکات. ئامانج لەم ڕێنماییە ڕەنگدانەوەی چالاکیەکانی زانکۆ و پەیمانگەکانە لە ناو بودجەدا و پابەندیان دەکات کە چالاکیەکانیان بە پێی بودجەی تەرخانکراو بۆ هەرچالاکییەك لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆ و دەستەی کارگێڕی پەیمانگەکانەوە کارەکان ئەنجام بدرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ لایەنێك، لەبەر ئەوەی کۆی بودجەکە لەسەرەتای ساڵی خوێندن لەلایەن دەستەی ئەمیندارانی زانکۆ و پەیمانگەکان پەسەند دەکرێت، کە ئەمەش مەرجی وەزارەت دەبێت بۆ پێدانی پلانی وەرگرتنی خوێندکار/ قوتابی بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ هەر ساڵێکی خوێندن، لەم ڕێنماییەدا میکانیزمی تایبەت بە بودجەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان و چۆنیەتی ڕێکخستن و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی دەردەکەین و، پێویستە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێوەی پابەند بن، بە مەرجێك لەم بودجەیەدا پارەی پێویست تەرخان بکرێت، جگە لە خەرجی بەکارخستن (التشغيلية) بۆ سەرجەم لایەنی (وەبەرهێنانی زانستی) بۆ ئەو چالاکییانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگەکان لەماوەی ساڵی خوێندن ئەنجام دەدرێن بۆ دەستەبەرکردنی گەشەو پەرەپێدانی زانستی.

### ماددەی یەکەم: بونی بودجە

١. لەسەر هەر زانکۆ و پەیمانگەیەکی تایبەت پێویستە بۆ هەر ساڵێکی دارایی بودجە ئامادە بکات و پەسەندی بکات.
٢. ساڵی دارایی زانکۆ و پەیمانگەی تایبەت لە ساڵی خوێندن پێکدێت لە (٩/١) دەست پێدەکات و، لە (٨/٣١) ی ساڵی دواتر کۆتایی دێت.
٣. کاروباری دارایی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەپێی ناوەڕۆکی بودجەی پەسەندکراوی ساڵانە بەڕێوەدەچێت و، پێویستە بەجێبەجێکردنیەوە پابەندبن.
٤. بودجە لەلایەن دەستەی ئەمیندارانی زانکۆ و پەیمانگەکان پەسەند دەکرێت و، جێبەجێکردنی بودجە دەکەوێتە ئەستۆ سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەنی زانکۆ، یان ڕاگری پەیمانگەکان و ئەنجومەنی پەیمانگە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستەی ئەمینداران، یان هەر کەسێکیتر.

## ماددەی دووەم: ئامادەكردنی بودجە

١. لە مانگی تەموزی هەر ساڵێكدا زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی خۆیان پێشكەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەكەن بەمەبەستی وردبینیكردن، بۆ دڵنیابون لەشێوەی بودجەكە، لەبەرئەوهی ئەم بودجەیە دەكەوێتە ژێر ڕكێفی چاودێری دارایی و، دانانی بودجە و پێشكەشكردنی دەبێتە مەرج بۆ پێدانی پلانی وەرگرتنی خوێندكار/ قوتابی لە ساڵی خوێندندا و، وێنەیەك دەدرێت بە دیوانی چاودێری دارایی لە ڕیگەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ وردبینیكردن.

٢. لە ئامادەكردنی بودجەی ساڵانەدا بەوردی كۆی داهات و پوختەی قازانجی وەدەست هاتو بە شێوەی خەمڵێندراو دەخرێتەڕو، كە ئەم داهاتو قازانجانە سەرجەم ئەو داهاتانە لە خۆبگرێت كە لە كرێی خوێندنی قوتابی/خوێندكار بە دەستدێت، یان توێژینەوەی زانستی یان بەكرێدانی كافتریا و سێنتەرەكانی زمان، یاخود نوسینگەكانی كۆمپیوتەر و پەڕاوگەكان، یان بەكرێدانی گۆڕەپان یاخود ئەم پارانەی كە لە هەر چالاكییەكی تر بەدەست زانكۆ یان پەیمانگە دەكەوێت بە پێی یاساو ڕێنماییەكان و، پێویستە گشت پسولەكان پسولەی فەرمی بن، كە ناسراوە بە پسولەی (٣٨أ)، كە لە وەزارەتی دارایی و ئابوری چاپ دەكرێ و، زانكۆ و پەیمانگەكان دەبێت ئەم پسولەیە لە وەزارەتی دارایی و ئابوری بەدەستبهێنن، وەرگرتنی داهات بەدەر لەم پسولەیە بە نایاسایی هەژمار دەكرێت.

٣. خەرجیەكانی زانكۆ و پەیمانگەكان دابەشدەكرێن بۆ دو جۆر:

### یەكەم: خەرجی وەگەڕخستن كە ئەمانە لە خۆ دەگرێت

أ. موچە

ب. خەرجی ڕۆژانە، وەك پێشینەی نوسینگەكانی دەستەی ئەمینداران و، سەرۆكی زانكۆ و یاریدەدەرەكانی، یاخود ڕاگری پەیمانگە و یاریدەدەرەكانی، یانیش ڕاگرایەتی كۆلێژەكان و سەرۆكایەتی بەشەكان (جگە لە خەرجی هاتوچۆ و پەیوەندیكردن) وەك لە (الدليل المحاسبة للموازنة الجارية الاعتيادية) ئاماژەی پێكراوە.

ت. چالاكی كەلتوری و كۆمەڵایەتی و وەرزشی .

ث. چاككردنەوە

ج. دابینكردنی كەلوپەل و ئامرازەكانی خوێندن.

ح. میوانداری

خ. پاداشت

د. وزەو سوتەمەنی

ذ. خەرجی تری دیكەی وەگەڕخستن.

**دوەم: خەرجی وەبەرهێنانی زانستی، کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:**

أ. پەرەپێدانی ژێرخان و بیناسازی.

ب. گۆڤار و کۆنگرەو کۆنفراسی زانستی و، بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان وەك لە (الدليل المحاسبة للموازنة الجارية الاعتيادية) ئاماژەی پێکراوە.

ت. تاقیگە

ث. کتێبخانە

ج. بەتەکنەلۆژیکردنی پرۆسەی خوێندن.

ح. دەستەبەرکردنی پێداویستیە وەرزشییەکان.

خ. بەشە ناوەخۆیی و شوێنی نیشتەجێبونی مامۆستایان و قوتابیان/ خوێندکاران.

د. هۆڵەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەو کۆبونەوەو سیمینارەکان.

ذ. هەرچەشنە پێداویستیەکی تری ماددی، کە دەکەوێتە چوارچێوەی خەرجی وەبەرهێنان و، گەشەکردنی ئاستی زانستی زانکۆ و پەیمانگەکان.

٤. زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان رێژەیەك کە نابێت لە (٢٥%) کەمتر بێت لە پوختەی قازانجەکانیان ئەو بڕە پارەیەی بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنانی زانستی تەرخان دەکەن پاڵپشت بە برگەی دوەم لە ماددەی (٢٣) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان.

٥. زانکۆ و پەیمانگەکان لە پێشینەی کارەکانیاندا پابەند دەبن بەرامبەر دابینکردن و پێدانی موچەو شایستە داراییەکانی مامۆستایان و کارمەندان و ئەو لایەنانەی گرێبەستیان لەگەڵ ئەنجامداون.

## ماددەی سێیەم:

بۆ رونبونەوەی چۆنیەتی خەرجکردنی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و، پەرەپێدانی ژێرخانی زانکۆ و پەیمانگەکان لەگەڵ پێشکەشکردنی بودجەی ساڵانە بۆ وەزارەت پاشکۆیەك ئامادە دەکرێت بەناوی پاشکۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی ژێرخانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان، کە تێیدا ناو و زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست لەسەر ئەو پرۆژانە دەخرێتەرو کە ئەنجام دەدرێن و، نابێت لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندن تێپەڕبێت.

## ماددەی چوارەم:

پاڵپشت بە ماددەی (٢٤) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان، کە ئاماژە دەکات بەوەی گشت ژمێرەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان ملکەچی وردبینی چاودێری دارایی دەبن، بۆیە پێویستە لەسەر هەر زانکۆ و پەیمانگەیەك ژمێرەی کۆتایی خۆی بۆ ساڵی دارایی لە مانگی (٣) و مانگی (٩) پێشکەش بە وەزارەت بکات، بە پێی رێنمایی و رێکارە یاساییەکانی دیوانی چاودێری دارایی و، لە رێگەی وەزارەتەوە ژمێرەی کۆتایی دەنێردرێت بۆ دیوانی چاودێری دارایی بۆ کاری پێویست.

### ماددەی پێنجەم:

ئەگەر لە بودجەی پەسەندکراوی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کورتهێنان ڕویدا، ئەوا خاوەندارانی زانکۆ بەرپرسن لە پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانە و دانانی بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی، بەپێچەوانەوە پەنا دەبرێت بۆ ماددەی (٢٦) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان.

### ماددەی شەشەم:

لە بودجەدا پێویستە ڕەچاوی پێدانی ڕێژەی (٣%)ی داهاتی گشتی ساڵانەی کرێی خوێندنی قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بکرێت، یان هەر داهاتێکی تر، کە دەست زانکۆ و پەیمانگەکان دەکەوێت، کە دەدرێت بە وەزارەت بە پێیی خاڵی یەکەم لە بڕگەی شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە وەرگرتنی ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتیەکان.

### ماددەی حەوتەم:

لەکاتی کردنەوەی هەر زانکۆیەك یان لقی زانکۆیەکی بیانی و هەرێمی و ناوەڕاست و باشووری عێراق لە سنوری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا پابەند دەبن بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

### ماددەی هەشتەم:

ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)وە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە .